# هـــەڵــــەبجـــــە

دارا عەلـی
daraali@yahoo.com

ـ١ـ

ڕۆژانێك باخێك بووی سەرا پات هۆنراوە و
مەولەویش باخەوان
ڕۆژانێك تۆ قیبلەی ئەوینی دڵێ بووی بۆ شیعری ئاوارە و
تۆ جێ ی ژووان
سالآنێك تۆ پەنا و پاساری خەیاڵی هەڵهاتووی منالّی و
تۆ شەوقی ئارەزوو و تاسە بووی
ماڵێك بووی بەسەر پێدەشتی عەشقێکا
لە ئەوینتا ژیان هەناسەی ئەدا و
لە ئاوێنەی گیانتا جوانی.
کە ئەهاتین
وەك دارهەنار ئەتدووانین و وەك چنار لێمان دەڕوانیت. . . . . . .
وەك شاتوو لەبەر دەمماندا ئەوەستاتیت و ئێمەش وەکو باخ باوەشمان پیا ئەکردی. . . .
کە ئەهاتین
وەکو هاودەم لەگەڵ تریقەی پێکەنینی منالّی پێئەکەنی و
وەك شۆڕەبیش هاوگینگلی ناڵە و ژان و هاوارمان بووی
کە ئەهاتین
خەونمان بە بەهارەوە ئەبینی و
خەیاڵمان بە دواڕۆژەوە و
ڕووانینمان لە بۆوبەرامی ڕیحانەیی لامل و بەرسینەی ئەوینتا نغرۆ ئەبوو. . . .
کە ئەهاتین ئێمە نامەی لە شەرمانا قەد کراوی کوڕ و کچانی شار بووین و
تۆش هاوڕازمان بۆ دڵداری.
بەلآم کاتێ بانگت کردین،
گوڵدانێك بووی لەبەر دەروازەی بەربەیانێکی بێ چارەدا
تەنیایی گومان لێوەکانی دەکرۆشتی و
کاتێك کە ئێمەش گەیبشتین، لە ئاوابوون دا ئاوا بووی.
*** *** ***

ـ٢ـ

( ١٦ ی مــارت)
کوا خەونی زەرد و سوور؟

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

گەر چنگێ ئۆکسجین نەبێ بۆ هەناسە!
کوا ئاوێنەی دڵداری؟
گەر دیدار بۆسە بێ و جێ ی ژووانیش ژەهراوی!
کوا جوانی؟
ئەگەر ماچ بەر لەوەی ئەفسوونی سۆزیان هەست بزوێنێ، هەڵوەرێن و
کە پەڕەی ڕۆحی ساکاری مناڵانی کۆڵان بە کوڵانی سینەم، کت و پڕ زەرد هەڵگەڕێن و
کە پەل و پۆی نزا و هاواری دار و بەرد، گیاندار، بێ گیان لە چاو ترووکانێکا ووشك بن و
کاتێ فەزای پڕ ئەستێرەی خەونی شارێك غاز بیتەنێ و پەرت ببێ.
*** *** ***

__٣__
کوا شیعر ئەتوانێ
بە باڵای ئەم زامە سەوزەدا هەڵگەڕێ؟
ئەم کایەی خەیاڵە لە کوێوە ئەتوانێ
خەزانی بە چڕی ئەستێرەی کووژراو و
تریفەی خنکاوی ئاسمانی ئەم شارە پەشێوە بە تەنیا لە کۆڵ نێ و هە ڵیگرێ؟
کێ هەیە لە پرسەی ئەم گزنگە لە ئەنگۆر هەڵکێشراوەدا دانەوێ و لەگەڵ ئاوابوونی خۆردا چاولێك نەنێ؟
کێ هەیە لە ساڵانەی ئەم بەهارە وەریوەدا
لە یادی ئەم خەزانە سەوزەدا
نەبارێت و نەژاکێت و دەنگ هەڵنەبرێت؟
ئەوەی سەوزەڵانی باخ نەناسێ
هەرگیز لە وەرین تێ ناگات!
ئەوەی باوەشی پڕ نەبێ لە بۆوبەرامی هەڵبەستی ئەم ڕەز و باخ و بنارە
لە چرپەی نێوانی گەڵا و لق تێناگات!
ئەوانەی لە دوو تووێ ی سینەیان
پەنایەك بۆ هاناى هەناسەی قووڵی ئەم زامەیان نەبووبێ
لە هۆرەی شمشاڵ و فلووتی ئەم ڕۆحە تێ ناگەن!
ئەوانەی کە چێژی عەشقێکیان نەچەشتووە
ئەوانەی ئامێزی پڕ میهری ئەوینیان نەدیووە
لە بارین و هەڵچوونی ئەم دڵە زامارە تێ ناگەن!
ئەوەیشی وەرینی ئەم پۆلە پەپوولە بەفرینە سەرسامی نەکات و
ئەندیشە و خەیاڵی نەدوێنێ،
ناتوانێ گیانێکی سەربەست و
ئارەزووی عەشقێکی زیندوو بێت.
*** *** ***

__٤__

لەو ڕۆژەوەی مانگی عەشق و ئەم وەرزی ئەوینەم پێکرا
من گشت ساڵێك
کزەبای قووڵی نەفەسم
لە مارت دا فلووتی ڕۆحم لێ ئەدات و
لە پێشوازی ئەم وەرزەش دا
ئەوەریێم و
لە بارین دا من شیرزە و هەناسەسوار
بۆ سەرخۆشیم، ڕوو لە کوێ بکەم؟
چ پەنا و پاساریێك شك بەم، ئەم بێ سرەوتی یەم ڕام بکاو شیرزەییم بگرێتە خۆ و گینگڵی ژانم ئارام بکات.

*** *** ***

__٥__

ئەی خەمی سەر دڵ و پەژارە
ئەو کاتەی ناوت دێت
نازانم خورپەیە کسپەیە یا هەنسك
برووسکەی ئازارە یاخود ژان
یا پۆلە شەپۆلی بێ دەنگ و بێ ڕەنگی قیژە و زریکەی وەریووی سینەیە
یا هانای خنکا و و ووشك بووی دوو دەستی شارێکی پڕ نزا لە سنگما.

ئەمساڵ یادەکان پێش وەخت، ئەلبوومی لە ئەنگۆر هەڵکشاوی کسپە و ژانیان کردۆتەوە
ئەوە پۆل پۆل زامەکانم
پێش هەستانم دەست لەسەر سنگ لە پێشوازی ١٦ ی مارتدا ڕاوەستاون و
ئەوەش ژوواری پشت کۆماوەم بە چەند هەنگاو لە پێشمەوەن
بە چاوانی تەریانەوە چاو لە ڕێن و هاتوونە دەر
چرای یادی ئازارێکیان هەڵگرتووە
چوار وەرزەی ساڵ گەش ئەسووتێ و
بە دەستێکیان
زریکەی باخی سووتاو و
باڵای ڕووباری کوژراو و
هەتاوێکی سەربڕاو و
نەفرەتی شارێکی بە غاز، خنکێراویان هەڵبڕیووە و
بە ئەوی تر
بۆ شەپۆلی وورد و درشتی ئەم خەمە
بۆ هەتوانی زامی ئەم مانگە کوژراوە

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

www.kurdistannet.org
18-3-2003 14:49

بەیداخێکی پرشنگداری خۆشەویستییان هەڵکردووە.

*** *** ***

ـ٦ـ

ئەمە تۆنی دەنگدانەوەی بێدەنگی یە لەنێومان دا سەدا ئەدا ؟
بۆ بەرامی هەنسکی تێکەڵ بە بزەیە ئاوێتەی رووخسارمان ئەبێ؟
یاخود پۆرترێتی هەڵسانەوەی زامە لەنێو گۆرانی یەکانمان دا و تۆزی مێژوو ئەتەکێنێ و
بە پژان و هەڵوەرین و رژانەوە، دێتەوە ناو کۆرمانەوە!!
ئەمە ژانی بە ئەفیوون خەفە کراوە، لەرووخساری هەموومان دا،
دەست لەکەمەر تین و تووان ئەداتەوە خۆ و نیگای ئەبرێتە وویژدانمان.

ئەمە ژوواری ١٦ی مارتە و
ئەمە خەمی بە پێوەیە و لە ناومان دا و لەناخمان دا
دەدوێ و دەژی و نەفەس ئەدا و
ئەمرۆش لە هەمیشە زیاتر، چاوی لە هەڵهاتنی مانگی مارتێکە
لەساباتیا
شاری بێدار
خەیاڵی ئەستێرکی پڕ لە خەونی رەنگا و رەنگی مناڵی بێ و
بەستە و گۆرانی ماڵانی پڕ رووناکی و
پیاسەی کۆڵان و شەقامی پڕ لە پرشنگی ئەوین بێت
ئەمە خەونە و
تا دەستی تاوان و شاڵاوی مەرگەوەر نەکرێن بە عیبرە ت بۆ مێژوو و کۆت نەکرێن،
تا جیهان لەبەردەم هەڵبەست و گۆرانی بە ژەهر خنکاوی هەڵە بجەم لەسەر چۆك نەنیشێ،
هەتاکو نەفرەتی ئەم مانگی مارتانە،
رووخساری قەترانی ئەم مێژووە خوێناوی یە و بێدەنگی ی شەرمەزار نەکەن و
هەتاکو دەمامکی سەد روویی ئەم نەزمی نوێ یە پەرت نەکرێت،
قەڵەم و ئەستێرەی ووشەم و خەرمانەی هۆنراوە
بەچاوی گەشەوە ناتوانێ بێتەوە گیانمان و
ئەم پشکۆی ئازارە بێ کوانووە نەسرەوتەی دڵیشم
ئارام بێ و چاولێك نێ.

مارتی/ ٢٠٠٢

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت